# مینۆمێنتی کەرکوکیش دەمێکە ئەسوتێ؟!*

ئاسۆعەبدوللەتیف

بە نەوتی کەرکوك هەڵەبجەییەکان ئاگریان لە پیرۆزیەکان و یادگاری خۆیان بەردا تەنها لە بەر ئەوەی کە هەڵەبجە وەکو شارەکانی تر تەماشا نەکراوە،بەڵام ئایا بەکەرەستەی توڕەیی وحەماسەتی هەڵەبجەییەکان کەرکوکیەکانیش ئەگەنە ئەو قەناعەتەی کە بەو شێوەیە خۆپیشاندان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن بۆ ئاوەدانی شارەکەیان؟ گوێی شەیتان کەڕبێ بە هیوام هیچ کارێکی تێکدەرانە روونەدات تا گوێمان نەزرنگێتەوە بە سیناریۆی تازەتری دەسەڵات چونکە کەرکوك پڕە لە دەست و تیرۆریست و موقاوەمەی تێکدەر ووریابن شتی وانەکەن، خۆ ناحەقیشتان نییە چی بکەن، قاسە*ونەوت و بیری کەرکووك ببورن مینۆمێنتی کەرکووکیش دەمێ ساڵە ئەسوتێ و ئەدزرێ و تاڵان ئەکرێ و کەسیش خۆی ناکات بە خاوەنی و کەسیشی لەسەر دادگایی نەکراو لە سێدارەش نەدرا، بۆیە حەق نییە کەرکوکیەکان شقارتەی بێگانە بەکاربێنن وەك چۆن لە هەڵەبجە بەکاریان هێنا کەرەنگە شقارتە بەدەسەکەش لە سێدارە بدرێ، بەڵکو ئیشی کەرکوکیەکان ئاگربەردان نییە بەڵکوپێچەوانەی هەڵەبجەییەکان ئەوەیە ئەو ئاگرە نەعلەتیە بکوژێننەوە کە چەندین ساڵە کەرکوك وێران ئەکات، ئەوئاگرە بکوژێننەوە تا کەسی دیکەی لەسەر دەوڵەمەند نەبێ و ڤێللا هەڵنەچنێ، چونکە لە وەرزی ئەنفالی دوای بەعسدا نامانەوێت کەرکوك وا بەو شێوەیە ببینین، ئەوکات ئەوەی کە ئاگرەکەی کوژاندەوە ئەبێ بەراستی دادگایی بکرێت وەك شقارتە بەدەستەکەی هەڵەبجە؟!

لە دوای رزگاری کەرکوك تاقە پردێکی لارولاواز لە رەحیماوا بۆ کەرکوکیەکان دروستکرا لافاو بردی و کەس نەیزانی چۆن دروستکرا، ئێ خۆ کەرکوکیش ئەڵێی هەڵەبجەیە وێران و کەلاوەو رووخاو کە سەرچاوەی هەموو داهات و سامانە زۆرەکانی عیراقیشە، بەڵام بۆ چاو لە هەڵەبجە ناکەن ئەهاشارەکەیان بە سوکە خۆپیشاندانێ کردەوە بە شاری شاران! ئەی ئەوەنیە هەڵەبجە کە تووڕەبوو مەزار گڕی گرت و کەمەزاریش گڕی گرت شار بوویە بەهەشت، خۆ خەتای ئەو لاوە خوێنگەرم و تاوانبارانەش بوو ئەوان نەبوونایە دەمێك بوو هەڵەبجە وەك سوید وابوو، ئێستاش ئەڵێن کە گەنجەکان ئازاد بوون هەڵەبجە ٪100 ئەگۆڕێ و ئاوەدان ئەبێتەوە؟!

هەڵەبجەو کەرکووك دووشاری زۆر گوناهن لە مێژووی کوردیدا،بە هەزاران دروشمی ساختەیان بۆ هۆنیونەتەوە، دووشارن پشکیان لە زۆرترین شیعرو میدیاو لێدوانی بەرپرساندا هەیە، کەچی وەك واقیع بێنازترین و کەلاوەترین شاری دونیان، ئاخر کام دووشار لە مێژوودا هێندەی کەرکوك و هەڵەبجە نان و پیازی پێوە خوراوەو بوونەتە دوو سومبولی ساختە بۆ بازرگانی و بیزنسی سیاسی؟ کام دووشاری دوونیا هەیە وەکو کەرکوك و هەڵەبجە کە سەرمایەی رەمزی نەتەوەیەك بن و زامی نیشتیمانێکی بێدەوڵەت بن و ئەنفال و بەڵگەی حاشاهەڵنەگری جینۆسایدبن و ناوبانگی کوردیان بە جیهان ناساندبێ کەچی سادەترین خزمەتگوزاریی شاربوونی تێدانەبێ و ئوتێلێکیان تێدانەبێ میوانێك پشوویەکی کوردانە بداو هۆڵێکیش نەبێ بۆ فیستیڤاڵێك، باشە پرسیومانە کە بەرپرسە باڵاکانمان لە زۆربەی هاوینەهەوارو شارە خۆشەکانی کوردستاندا قەسروڤێللایان هەیە ئەی لە کەرکوك و هەڵەبجە بۆ نییانە؟ باشە خۆپیشاندان لە خۆوە دروست ئەبێ و مینۆمێنت ئەسوتێ و خەڵك بریندارو شەهید ئەبێ و لەسەر شەقام شەو تا بەیانی ئەخەوێ، یان ئەمە تووڕەی ئۆرگانیزەو پەنگخواردووی 18 ساڵ پەراوێزبوونە؟ ئایا ئەمە دەستی تێکدەر و ناحەز ئەیکات یان دەستی ناوخۆی خەمسارد؟ پێم وایە سەرزەمینی ئەو دووشارە کوردییە خوێنلێچۆراوە ئیدی بەڵێنی تیا سەوز نابێ و ناکرێت هیچ لایەکمان گوێ بۆ سادەترین بەڵێن بگرین،ئەبێ رووداوی 2006/3/16 رامان بگرێت لە بەردەم گوتارێکی تازەدا بۆ کارەساتەکانمان و ئەوەندە بێخەم نەبین لە ئاست ئەو زەویانەی کە کارەساتی بەرهەمهێنا بۆ گەلی کوردو دواجار بوویە زەوی بەپیت بۆ خۆشگوزەرانی بەرپرسان و دروست بوونی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و داهاتی بێ شومارو ئێستاش دەیانەوێت بیکەن بە زەوی بێ پیت و وێران و تەنها بۆ فیستیاڵی گەرمیان و ئەنفال و جاف و کیمیایی و کارەسات سەیری بکەن و گەنجەکانیشی بە ئاژاوەچی ناوبەرن.

- دروشمی خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە ( هەڵەبجە قاسەی کورد بوو، پارەی دنیای لەسەر خورا، 18 ساڵە شەهید بووە،.تا ئێستا هیچی بۆ نەکرا)
- ئەم بابەتە لە ژمارە 12ی رۆژنامەی ئاوێنە لە گۆشەی دوالاپەرەدا پێشتر بە هەندێ دەستکارییەوە دابەزیوە بۆ ئاگاداری خوێنەر.